اللَّهُمَّ اكْفِنِي بِحَلاَلِكَ عَنْ حَرَامِكَ، وَأَغْنِنِي بِفَضْلِكَ عَمَّنْ سِوَاكَ

له عەلیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: بەندەیەک هات، ووتی: ناتوانم ئەو ئەرکەی لەسەرمە جێبەجێی بکەم (بۆ دانەوەی نرخی ئازاد بوونم بە گەورەکەم)؛ یارمەتیم بدە، -عەلی- ووتی: ئایا هەندێک وشەت فێر بکەم کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فێری کردم، ئەگەر هێندەی شاخێک قەرزت لەسەر بێت؛ خوای گەورە لە جیاتی تۆ دەیداتەوە؟ بڵێ: «اللَّهُمَّ اكْفِنِي بِحَلاَلِكَ عَنْ حَرَامِكَ، وَأَغْنِنِي بِفَضْلِكَ عَمَّنْ سِوَاكَ». واتە:(خودایە، ڕازیم بکە بە شتە حەڵاڵکراوەکانت لە جیاتی حەرامکراوەکانت، ودەوڵەمەندم بکە بە چاکەی خۆت لە جگە لە خۆت)

[حەسەن - باش)] [(الترمذي) ڕیوایەتی کردووە)]

پیاوێکی بەندە هات بۆ لای پێشەوای ئیمانداران عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب -ڕەزای خوای لێبێت- کە گرێبەستی لەگەڵ گەورەکەی کردبوو وئەویش ڕازی بوو بەوەی خۆی بکڕێت وئازاد بێت، بەڵام بەندەکە پارەیەکی وای لەبەردەستدا نەبوو بۆ ئەم کارە، ووتی: من ئەو پارەی لەسەرمە ناتوانم بیدەمەوە بۆیە یارمەتیم بدە لەسەر دانەوەی ئینجا بە پارە بێت، یان بە فێرکردن وڕێنموێنی، پێشەوای ئیمانداران ووتی: ئایا هەندێک وشەت فێر بکەم کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فێری کردم؟ ئەگەر هێندەی شاخێک وەکو شاخی (سەیر)ی هۆزی (تەی) قەرزت لەسەر بێت؛ ئەوا خوای گەورە لە جیاتی تۆ دەیداتەوە بە ئەوانەی شایستەین وڕزگارت دەکات لە زەلیلیەکەی، بڵێ: (اللَّهُمَّ اكْفِنِي:خودایە، ڕازیم بکە)؛ دوور بخەرەوە ولام بدە، (بِحَلاَلِكَ:بە شتە حەڵاڵکراوەکانت)؛ بۆ هەموو پێویستیەکانم بەس بێت، (عَنْ حَرَامِكَ:لە شتە حەرامکراوەکانت)؛ بەوەی تووشیان بم، (وَأَغْنِنِي:ودەوڵەمەندم بکە)؛ هێندەم پێببەخشە بەس بێت بۆم، (بِفَضْلِكَ:بە چاکەی خۆت)؛ وبە سەخاوەت وبەخشندەیی خۆت، (عَمَّنْ سِوَاكَ:لە جگە لە خۆت)؛ لە خولقێنراوەکانت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5884